ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم دوا پێشهاتەی گفتوگۆکانی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ تاوتوێ دەکات



ئەمڕۆ چوارشەممە 1/31، بە سەرپەرشتی سەرۆکوەزیران مەسرور بارزانی و بە ئامادەبوونی قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکوەزیران، ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان کۆبووەوە.

لە سەرەتای کۆبوونەوەدا، سەرۆکوەزیران تیشکی خستە سەر بڕیارەکانی شاندی هەرێمی کوردستان بۆ سەرکایەتیی سەرۆکوەزیران لە کۆبوونەوەی ئابووریی جیهانیی داڤۆس لە وڵاتی سویسرا لە ڕۆژانی 19-15 کانوونی دووەمی 2024.

سەرۆکی حکومەت ئاماژەی بۆوە دا کە کۆبوونەوەی داڤۆس، یەکێکە لە گردبوونەوە گرنگەکان لەسەر ئاستی جیهان، بۆیە بڕیاریکردنی هەرێمی کوردستان لەو جۆرە کۆبوونەوە و کۆنفرانسانەدا، گرنگییەکی زۆری هەیە و نیشانەی پێگەی گرنگی هەرێمە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا. سەرۆکوەزیران گوتیشی بۆ یەکەم جار ئەمساڵ لە داڤۆس، (ماڵی کوردستان)مان بۆ بڕیاری و ئامادەبوونی چەندین وەبەرهێنەری کوردستانی کردەوە بۆ ئاراستەی دروستکردنی پەیوەندیی ئابووری و بازرگانی لە نێوان کەرتی تایبەتی کوردستان و وەبەرهێنەرانی ناوخۆ و دەرەوە و پێڕێدانی پرسی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان و بنیاتنانی

ژێرخانێکی بەهێزی ئابووری و ڕزگارکردنی دەرفەت و هەلی کاری زیاتر.

سەرکی حکومەت دووپاتی کردەوە کە بابەتی سەرکیی کێبووندەوەکانمان لە داڤس لێگەڵ بڕپرسیاکانی جیهان، گرنگیی پاراستنی ئاسایش و ئارامی و سەقامگیریی هەرێمی کوردستان و کێتابیەهێنان بوو بۆ هەرش و پێلاماردانی دژکردنە سەر هەرێم، جەختیشی کردەوە کە هاوسەنگیی زێری کەمکردنەگی نەوتدەوڵەتی لێگەڵ هەرێمی کوردستان هەبوو، بەتایبەتی کە هەرشی ناڕەوا و بێپاساو دژکردنە سەر هاووڵاتیانی سڤیلی هەرێمی کوردستان.

سەرکوەزیران دووبارە بە ناوی ئێنجومەنی وەزیرانەوە، پرسە و سەرخۆشی لە بنەماڵە و کەسوکاری شەهید پێشمەرگەو دزەیی و هەموو شەهیدانی دیکە کرد کە بوونە قوربانی هەرش و زوڵم و ستەمکی زێر گۆڕە لە دژی خەڵکی هەرێمی کوردستان.

لە بگەی دووەمدا، دوا پەرسەندنەکانی گفتوگۆ لێگەڵ حکومەتی فیدراڵ سەبارەت بە بودجە و مووچە و تێچووی بەرهەمهێنان و نەوتی هەرێمی کوردستان تاوتوێ کرا کە لەلایەن کەمال محەمەد ساڵح، وەزیری سامانە سروشتییەکان بە وەکالەت و وەزیرە پێیوەندیدارەکانەوە خرایەڕوو.

ئێندامانی شاندی دانوستان و وەزیرە پێیوەندیدارەکان، جەختیان کردەوە کە هەرێمی کوردستان هەموو پابەندییەکانی خۆی جێبەجێ کردووە و هەرێمی کوردستانیش پێژێی خۆی سەبارەت بە هەمواری یاسای بودجەی فیدراڵی پێشکێش بە لایەنی فیدراڵی کردووە بە ئاراستەی لابردنی هەموو ئەو ئاستەنگانەی لە یاسای ئێستای بودجەی فیدراڵ هەن کە ڕێگرن لە ناردنی شایستە دارایەکانی هەرێم بگوزڕی ترخانکراوی خشتەکانی بودجە، لەپێش هەمووشیانەوە مووچەی مووچەخۆرانی هەرێم کە سەرەڕای بڕیاری ئێنجومەنی وەزیرانی فیدراڵ بە تەمویلکردنی هەرێم بە بڕێک لە خەرجیی مووچە لە ڕێژی 1/14 بڕیام بە داخۆە دوای تێپەڕبوونی 17 ڕۆژ تا ئێستا بڕیارەکە جێبەجێ نەکراوە.

ئێنجومەنی وەزیران جەختی کردەوە کە هەرێمی کوردستان بە شایستەی خۆی دەزانێت لە بڕانبەر بەجێگەیاندنی پابەندییەکانی، بڕیاربودجە و مووچەی شایستەی خۆی بە بنەردرێت هاوشێوەی سەرتاسەری عێراق، کە مووچەخۆرانی هەرێم بەهێی ئێم دواخستن و بیانوو و ڕەکارانەوە، ماوەیەکی زێرە مووچەکانیان دواکەوتووە و کاریگەریی ناستەوخۆی لەسەر ژیان و بژێوی دروست کردوون، ئێنجومەنی وەزیران دووپاتی دەکاتەوە کە پێویستە وەزارەتی دارایی فیدراڵ هەرچی زووە دوا بڕیاری ئێنجومەنی وەزیرانی فیدراڵ جێبەجێ بکات و لە هەمان کاتیشدا هەرچی زووە ئێنجومەنی وەزیرانی فیدراڵ، هەمواری

یاسای بودجە پەسەند بکات بەوشێوەی لەسەری ڕێککەوتوین و ڕێوانی ئەنجومەنی نوێنەرانی بکات بە پەسەندکردنی تاکوو چیتر هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بە دەست بە بودجەیی و بە مووچەیەوە زیانی زیاتریان بەرنەکەوێت و چارەسەرێکی بنەڕەتیی ئەم بابەتە بکرێت، ئەوەی لەسەر هەرێمی کوردستانیش بووە بە زیادەوە جبەجێ کراوە چ لە پێشکەشکردنی زانیاری لەسەر میلاکی گشتی و داهات و خەرجییەکانی هەرێم و واڵاکردنی دەرگا و تەماری دامەزراوەکانی هەرێم بە وردبینیی چاودێری دارایی فیدراڵ، بەبێ هیچ پاساو و بیانوویەک بە حکومەتی فیدراڵ نەماوەتەوە بە دواخستنی هەموارکردنی یاسای بودجە و بەجێگەیاندنی بەرپرسیارێتی خۆی لە بەرانبەر دابینکردنی بودجەی هەرێمی کوردستان هەروەک لە دەستوورداجێگیر کراوە.

بەگوێی سەیمی کەبووندەوە تایبەت بوو بە گفتوگۆکردن لەبارەی پێشنیاری وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار سەبارەت بە دەستپێکردنەوەی گرێبەستەکانی پڕۆژەکانی ماستەرپلانی شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان کە لەلایەن ساسان عەونی وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار خرایە ڕوو، کە تێیدا کێشە و گرفت و پێشنیاری چارەسەر بە دەستپێکردنەوەی ئەو گرێبەستانە خرانە ڕوو بە تەواوکردنی جبەجێکردنی ماستەرپلان لەچوارچێوەی نەخشەی پەسەندکراو کە گرنگییەکی زۆری هەیە و بنەمای پێشخستن و ڕێکخستنی تەواوی سێکتەرە خزمەتگوزارییەکانی شار و شارۆچکەکانی هەرێمە و زامنی ئاراستەی فراوانبوون و بووژاندنەوەیە بە مەودایەکی درێژخایان بە ڕێچاوکردنی گۆڕانکارییە ئابووری و ژینگەیی وکۆمەڵایەتییەکان و دوور لە بکارهێنانی نادروستی زەوی گشتی و بە ڕێگەگرتن لە زیادەڕۆیی و گەشەسەندنی هەڵەمەکی و بە پلانیی سێکتەرەکان.

وەڵای ئەوەی حکومەت و هەرێمی کوردستان بە بارودۆخێکی سەختی دارایی تێدەپەڕێت، بەڵام بەهۆی کاریگەریی ماستەرپلان وەک بنەمایەک بۆ پێشخستن و ڕێکخستنی تەواوی سێکتەرەکانی خزمەتگوزارییەکانی شار و ڕێکخستنەوەی بکارهێنانی زەوی و ئاراستەی فراوانبوون و بووژاندنەوەی شار، هەروەها بابەتەکە کاریگەری لەسەر ئەرکـ و ئەدای وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار هەیە و ئەو پڕۆژانەی کە گرێبەستیان لەسەر ئەنجامدراوە بە ڕاگیراوی ماونەتەوە بارگرانی لەسەر هەموو ڕوویەکەوە لەسەر حکومەت دروست کردووە.

بەبێ لە دوای گفتوگۆکردن و ڕاگەیەنەوە، ئەنجومەنی وەزیران پێشنیارەکانی وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزاری پەسەندکرد و وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکانی ڕاسپارد کە بگوڕێی تایبەتمەندی و توانای دارایی بەردەست ڕێکاری پێویست بۆ جبەجێکردنی ڕاسپاردەکان بگیرێنە بەر.

لە دوا بڕگەی کەبووندەوە، ڕێنمایی کارکردنی کرێکارانی بیانی لە هەرێمی کوردستان)

خرایە ووە کە لەلایەن لیژنەیەکی وەزارەتی هاوبەش ئامادە کرابوو کە تێیدا ڕەچاوی ئەو تێبینیانە کرابوو کە لە وەزارەتە پەیوەندیدارەکانەوە لە ماوەی پێشوو ئاراستەی سکرتاریەتیی ئەنجومەنی وەزیرانیان کردبوو.

ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دەنگی ئامادەبووان ڕەشنووسێکی پەسەند کرد کە ئامانج لێی ڕێکخستنەوەی دەستی کاری بیانییە لە هەرێم بە شێوەیەک بگونجێت لەگەڵ پەداویستیەکانی بازاڕی کار و ڕێکخستنەوەی پەیوەندیی گرێبەستی نێوان خاوەنکار و کرێکاری بیانی و کەمپانیای هەنێری کرێکاری بیانی بە شێوەیەکی هاوسەنگ کە مافی هەموانی تێدا پارێزراو بێت و پابەندیەکانی هەمووان ئاشکرا بێت و لە کاتی سەرپێچی ڕووبەڕووی لێپرسینەوەی یاسایی ببنەوە، لە هەمان کاتدا ڕێنمایێکان بنەماکانی پاراستنی مافی کرێکاری خەماڵی لەخۆ گرتووە و پێدانی هەڵی کار بە کرێکاری بیانی تەنها لەو دەرفەت و بوارانە دەبێت کە کرێکاری خەماڵی ناتوانێت پێیان بکاتەوە، لە هەمان کاتدا پاراستنی مافەکانی کرێکاری بیانی بگوڕێی پۆڕە نودەوڵەتییە کارپێکراوەکان لەچوارچێوەی ڕێکەوتننامە جیهانییەکان بۆشکی گرنگی ڕێنماییەکە پێک دەهێنێت.